# هاوسەرکوژی تاوانێکە بووردن نایگرێتەوە

شەرمین عەباس

ژن‌و مێرد کە ژیانی هاوسەرێتی هەڵدەبژێرن‌و ماڵی هاوبەش دروست دەکەن، نیازیانە ژیانێکی ئاسوودەو بەختەوەر لەگەڵ یەکتر بەسەر ببەن‌و منداڵ بەرهەم بێنن. ئەو بڕیارو رێککەوتنە، واتە هاوسەرگیری نەک تەنیا سونەتێکی ژیان‌و کۆمەڵگەیە، بەڵکو تائێستاش بەمەرجی مانەوەی مرۆڤایەتی‌و خۆشگوزەرانی ئەندامەکانی دادەنرێت. زۆر جاران ئەو ژن‌و پیاوانەی کە بڕیاروایە تام‌و چێژ بەژیان ببەخشن‌و ژیانی هاوسەرێتی هەڵبژێرن، دواتر دەبن بەرکابەرو دوژمنی یەکتر، هەندێ جار کوشتن‌و خوێن رشتنیشی لێدەکەوێتەوە. ئایا چ هۆکارێک وا لەمرۆڤەکان دەکات کە خۆشەویستی‌و هاوژیانی بۆ رق‌و دوژمنایەتی بگۆڕن؟. لەوانەیە وەڵامدانەوەی پرسیارەکە هێندە ئاسان‌و سەرپێی نەبێت، بەڵام دیسانەوە مەتەڵێکی هەڵنەهنراو نیە، چونکە ڕۆژانە گوێبیستی هەواڵی دڵتەزێنی کوژرانی کەسانێک دەبین کە پێشتر لەباوەشی گەرمی خۆشەویستی‌و هاوسەریدا ئاگردانی خێزانێکیان گەرم کردبۆوە، منداڵیان بەرهەم هێنابوو، بە ڕواڵەت وایان دەنواند کە دەیانەوێ لەگەڵ یەکتر بمێننەوەو منداڵەکانیان گەورە بکەن، کەچی ئاکام شتێکی دیکەی لێکەوتۆتەوە.

قسەکردن لەسەر بابەتێکی ئەوها پێویستی بەلێکدانەوەی زۆرو بەدواداچوونێکی گشتگیر هەیە، بەڵام دیسانەوە کارکردن لەسەر ئەم بابەتە ئەو دیوی دیوارە بڵندو بەرزەکان، گۆشەی ژوورە تاریکەکان ڕۆشن دەکاتەوە. ئازاردان‌و ئازارچەشتن لەلایەن هاوسەرەوە کارێکی قورس‌و چاوەڕوان نەکراوە، کوشتنی کەسانێک بەدەستی هاوسەرانیانەوە گرفتێکی گەورەی وێرانەیی ویژدان‌و داڕمانی ڕەوشت‌و بەها پیرۆزیەکانی مرۆڤایەتیە. ئەو خوێن رشتن‌و کوشتنانە کاریگەری یەکجار خراپ بۆ سەر داهاتووی خێزان‌و نەوەکانیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن. زۆرترین زیان بەکۆمەڵگە دەگەیەنن‌و رووخساری مرۆڤایەتی دەشێوێنن. بەرلەوەی ئەو گرفتانە روو بدەن، روخساری خێزان بەپاکی‌و ئاسوودەیی‌و بەختەوەری‌و هاوفکری دەناسرێ، بەپیرۆزو پڕ بایەخیش بۆ پێگەیاندنی منداڵەکان لێکدەدرێتەوە، لەگەڵ ئەو رووداوە دڵتەزێنانەدا ڕەوشەکە سەرەوژێر دەبێتەوەو کەس ئاواتی بۆ ناخوازێت.

هەندێک لەتوێژەرو لێکۆڵەروان



هاوسەرئازاری‌و هاوسەرکوژی بۆ ناپاکی‌و بەدرەوشتی‌و لەیەکتر تێنەگەیشتن‌و خووە ئاژەڵیەکانی هەندێ لەمرۆڤەکان دەگێڕنەوە، هەندێکی دیکە ژینگەو دەوروبەر بەهۆکاری سەرەکی دادەنێن. بەشێک لەوان، هەژاری‌و نەزانین‌و نەخوێندەواری‌و زۆرەملێ‌و نابەدڵی‌و ناڕازیبوونی هاوسەرەکان بە یەکتری بەسەرچاوەی کێشەی ناپاکی‌و درۆکردن‌و پاشقۆڵگرتن دەزانن، ئەوانەی دیکە بەسیلەی چاو لەو کێشەیە دەڕوانن‌و هەمووی بەژینگەو گۆڕانەکانی کۆمەڵگە دەبەستنەوە.

زۆربەی جاران پیاوەکانن کە ژنەکان ئازاردەدەن‌و دەیان کوژن، هەندێک جاریش ژنەکان دەبنە سەرچاوەی ئازاری دەروونی بۆ پیاوەکان‌و دەیانکوژن. ئەو ئازاردان‌و کوشتنانە تەنیا لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری‌و ڕۆژهەڵاتی‌و ئیسلامیدا نین، هەندێ جار لەکۆمەڵگەی ئەوروپایی‌و لەنێو پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکەشدا هاوسەرازاری هاوسەرکوژی بەرچاو دەکەوێ. ئێمە زیاتر هەواڵەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری دەبیستین‌و رووبەڕوویان دەبینەوە، دەنا هاوسەرئازاری‌و هاوسەرکوژی لەنێو هەندێ کۆمەڵگەی دیکەدا بەهیچ شێوەیەک لەوەی لای خۆمان کەمتر نیە. تەنانەت لەوڵاتانی ئەوروپاشدا کەم تازۆر ئەو دیاردەیە بوونی هەیەو قوربانی دەچنێ. شەهلا موعەزەمی مامۆستای زانکۆی تاران کە ئەندامی ناوەندی تاواناسی زانکۆیە

دوای لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژ باس لەوەدەکات کە لەنێو 15 زیندانی شارەکانی ئێراندا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر تاوانبار کردووە کە هاوسەرەکانی خۆیان کوشتووە. لەزیندانی تاراندا رێژەی ئەو ژنانەی کە مێردەکانی خۆیان کوشتووە 21٪و رێژەی ئەو پیاوانی ژنەکانی خۆیان کوشتووە 8٪ بووە. لەزیندانی خۆزستان رێژەی ژنان 9٪و پیاوان 5٪ لەگوڵستان رێژەی ژنان 6٪و پیاوان 2٪. لەلایەکی دیکەوە دەرکەوتووە ئەو ژنانەی کە بکوژی پیاوەکانیانن بەدەگمەن لەلایەن خوێنگرانی کوژراوەکانەوە دەبووردرێن، بەڵکو سزای کوشتنیان بەسەر دەسەپێنرێ، بەڵام زۆربەی جارەکان بکوژانی ژنان لەگەڵ خوێنگرانی کوژراوەکان بەپارە رێکدەکەون‌و لەسزای کوشتن دەربازیان دەبێت.

لێکۆڵەروان دووپات دەکەنەوە کە زۆربەی بکوژەکان دواتر پەشیمانی خۆیان پێشان دەدەن، دەگمەنن ئەوانەی کە پەشیمان نەبنەوەو موکڕبوونی خۆیان دووپات دەکەنەوە. سەرتاپای ژنە تاوانبارەکان پەشیمانی خۆیان دەردەبڕن‌و ئەنجامدانی تاوانەکانیان بە هاندانی کەسانی دیکەوە دەبەستنەوە، بەڵام زۆربەی پیاوان هۆکاری ئەنجامدانی تاوانەکانیان بۆ هەڵچوونی دەروونی‌و مەسەلەی ئابروو دەگێڕنەوە. لەلایەکی دیکەوە لەنێو کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتیدا زۆربەی جاران بکوژەکان نەخوێندەوارو هەژارن، کەچی لەکۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوادا بکوژو ئازاردەرەکان هەرزەکاری خوێندەوارن. بکوژە بەتەمەنەکان (گەورە سالان) هەمیشە پاکانە دەکەن‌و تاوانەکەیان بەدوایین رێگەچارە دەزانن‌و بێزاربوونی خۆیان لەرەفتاری نابەجێی کوژراوەکە (قوربانیەکە) بەهۆکاری تاوانەکە دەبینن.

هەندێک لەلێکۆڵەروان پاکانە بۆ بکوژەکان دەکەن، لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا مەسەلەی نەخۆشی دەروونی قوت دەکرێتەوە، لەڕۆژهەڵاتدا بکوژەکان،

بەگرفتارو دیلی دەستی داب‌و نەرێتی کۆمەڵایەتی دادەنرێن‌و داوای بووردنیان بۆ دەکرێ، بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی‌و ئیسلامیدا مەسەلەی ناپاکی هاوسەرێتی دەکرێ بەپاساو بۆ پیاوان ئەگەر ژنەکانی خۆیان دەکوژن. ناپاکیکردن نەخۆشی‌و گرفتێکی یەکجار گەورەیە، لەوانەیە لەنێو توێژی ڕۆشنبیرو خوێندەواراندا رێژەکەی کەمتر بێت، چونکە ژن‌و مێردەکان ئەگەر هەست بەبێمەیلی بەرانبەریان بکەن، یان لەژیانی خۆیان نیگەران‌و پەشیمان بن، جیابوونەوە هەڵدەبژێرن. دواتر خۆیان ئازادن لەوەی بەدوای داهاتووی خۆیاندا بگەڕێن. لەنێو ئەو توێژانەدا بەدەگمەن هەڵدەکەوێ کە هاوسەرەکان لەژیانی هاوسەرێتیدا پەنا بۆ ناپاکیکردن ببەن. سونەتی ژیان‌و باشترین چارەسەریش ئەوەیە کە مرۆڤ ناپاکی لەبەرانبەرەکەی نەکات. ناپاکی کردن دەرچوونە لەبۆندەی هاوسەرێتی، بەڵام سزاکەی کوشتن نیە. ئەوانەی کوشتن بەتاکە رێگەو چارەسەر دەبینن، دەبێ سزای خۆیان وەربگرن‌و لەپەنای رێککەوتنی بنەماڵەییەوە نەبەخشرێن.

یاساکان سزایان بۆ هەموو تاوانەکان دیاریکردووە، بەڵام ئەمڕۆ لەکوردستانی خۆماندا بەمەبەستی پێشێلکردنی یاسا، هەندێ لەحزبەکان مەکتەبی کۆمەڵایەتیان دروست کردووەو دەیانەوێ لەرێگەی رێککەوتنی بنەماڵەیی‌و هۆزایەتیدا کێشەکان چارەسەر بکرێن‌و بکوژەکان بپارێزرێن، ئەگەر دادوەرو دادگەیەک بەرێککەوتنی بنەماڵەیی یان سوڵحی عەشایەری رازی بێت‌و چاوپۆشیان لێبکات، بەدەرچوون لەیاسا پێوانە دەکرێ. بۆیە زۆر گرنگ‌و پێویستە کە سەرجەم بکوژو تاوانبارەکان سزای خۆیان وەربگرن. سزادان هەم یاسا سەروەر دەکات، هەمیش کۆمەڵگە بەرەو راستە رێی دەبات‌و رێژەی تاوانیش کەم دەکاتەوە.

من پێموایە کە هاوسەرکوژی یەکێکە لەو تاوانانەی کە نابێ بووردن‌و بەخشین بیان گرێتەوە، دەبێ بکوژەکان بەپێی یاسا سزای خۆیان وەربگرن.

# دیمۆکراسی، ئۆپۆزیسیۆن یا ئاڵتەرناتیف

وەرگێڕانی: میهدی میهر پەروەر

بەتێڕامان لەمەڕ پێکهێنانی دەوڵەتی دیمۆکراتیکدا دوو باوەڕو ئەزموونی بنەڕەتی، گرنگایەتیی بوونی ئۆپۆزیسیۆن، وەک ئاڵتەرناتیڤی حکوومەت دەسەلمێنن: یەکەم ئەوەی کە دیموکراسی گەشەو پێشقەچوونی راستەقینەی خۆی لەکێبەرکێی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیدا وەدەست دێنێ‌و دووەم ئەوەی کە پاوانکردنی دەسەڵات، گەندەڵیی دێنێ‌و دەبێ لەرێگەی گرتنەپێشی رێوشوێنی رێکوپێک بۆ کۆنترۆڵی دەسەڵات، کە یەکێک لەوانە تێکۆشانی ئۆپۆزیسیۆن وەک جەمسەری بەرانبەر هێزی حکوومەتییە، لەگەڵ ئەم مەترسییە بەربەرەکانی بکا.

بیرمەندانی سیاسی سەدەی هەژدەهەمی ئوروپا لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە حکوومەت‌و ئۆپۆزیسیۆن لەزەمینەی پێشبڕکێ بوون‌و نەبوونی دەسەڵات، لەروانگەی ئەخلاقیشەوە لەیەک جیادەکرێنەوە. تیۆوەگلان بەگەندەڵییەوە، زیاتر هەڕەشە لەکەسانێک دەکات کە خاوەن دەسەڵاتن‌و ئۆپۆزیسیۆن ئەو هێزەیە کە دەبێ لەگەڵ ئەم مەترسییە بەربەرەکانی بکا. لەرێگەی پتەوکردنی بنەماکانی ئۆپۆزیسیۆن دەبێ ئازادی گەرەنتی بکرێ‌و ئەم کارە کاتێک مسۆگەر دەبێ کە سروشتی گەندەڵی لێ هەڵگرێ‌و ئینسان‌و بەتایبەت دەسەڵاتداران، لەرێگەی هێزێکی سیاسییەوە کۆنترۆڵ بکرێ، هەتا بەم شێوەیە ئازادی جێگەی خۆی نەداتە سەرەڕۆیی یا بێ سەرەو بەرەیی.

بەم پێیە، لەسیستەمێکی دیمۆکراتیکدا، لەتەنیشت حکوومەتی هەڵبژێردراوی خەڵک، ئۆپۆزیسیۆن دووەمین باسکی بزوێنەری سیاسییەو پێش بەوە دەگرێ کە حیزب یا هێزی دەسەڵاتدار، شوناسی خۆی لەگەڵ شوناسی دەوڵەت وەک یەک چاو لێ بکاو بڕیارە سیاسییەکانی خۆی بەشێوەی ڕەها شایانی جێبەجێ کردن بزانێ.

لەراستیدا لەسیستەمی پارلەمانیدا، هێڵی سیاسی لەنێوان حکوومەت‌و پارلەمان یا بەواتایەکی دیکە دەزگای بەڕێوەبەری‌و دەزگای یاسادانان ناکێشرێ، بەڵکوو ئەم هێڵە زۆرتر لەنێوان یا حیزبە هاوپەیمانە دەسەڵاتدارەکان لەلایەک‌و حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەلایەکی دیکەوە دەکێشرێ. بەم شێوەیە لەتەنیشت جۆرەکانی کلاسیکی دابەشکردنی دەسەڵاتەوە، کە لەبابەتێکی جیاوازدا باسی دەکەین. ئەمڕۆ شاهیدی دابەشکردنی دەسەڵاتی زیندووی دیکەشین لەسیستەمە دیموکراتیەکان. هەڵبەت نابێ بایەخێکی زۆر بەکۆنترۆڵی دەسەڵات لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە بدەین. ئۆپۆزیسیۆن بەهۆی نەبوونی زۆرینە، بەدەگمەن دەتوانێ قسەی خۆی لەپارلەمان بسەپێنێ، بەڵام ئەوەی کە رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لەسیستەمی دیمۆکراتیکدا زەق

دەکاتەوە، هەمان ئەو کارەیە کە ئەم هێزە دەتوانێ لەرێگەی رەخنەگرتن لەکەموکوڕییەکان لەئاستی گشتیدا بەئەنجامی بگەیەنێ. لەلایەکی دیکەوە، ئۆپۆزیسیۆن ئەگەر بیهەوێ نەخشێکی راستەقینەی هەبێ، دەبێ خاوەنی مافی پارلەمانی‌و مەیدانێکی بەربڵاو بێ. ئۆپۆزیسیۆن هەروەها لەکێبەرکێی هەڵبژاردنیشدا دەبێ شانسی یەکسانی هەبێ‌و لەئیمکاناتی دەوڵەتی‌و ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی لەپروپاگەندەکردن بەبیروبۆچوونەکانی لەنێو بیرورای گشتیدا کەڵک وەربگرن.

لەبەرچاونەگرتنی ئەم بنەمایە، ئۆپۆزیسیۆنی پارلەمانی دەکاتە "ئۆپۆزیسیۆنی سیستەم"، خەبات دژی بنماکانی یاسای بنەڕەتی دەکاو ئەم کارە مانایەک بێجگە لەرووخاندنی بنەماکانی سیستمی دیمۆکراتیک نادا، دیموکراسی لەگەڵ رەوشێکی ئەوتۆدا ناگونجێ. سیستەمێک کە دەبێتە کۆسپ لەسەر رێگەی تێکۆشانی ئۆپۆزیسیۆن، ژیانی سیاسیی کۆمەڵگە تووشی قەیران دەکاو بواری سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆنی سەرەڕۆ دەڕەخسێنی، واتە هێزێک کە ئامانجی نە لەسەر کارلابردنی حیزب‌و هێزی حکوومەتی، بەڵکوو تێکەوەپێچانی هەموو سیستەمەکەیە، بەڵام دیموکراسی هەڵگری فەزایەکی ئەوتۆیە کە ئاڵوگۆڕی حکوومەت لەچوارچێوەی پێوەندییەکاندا جێبەجێ دەکرێ.

دیموکراسی، پێویستی بەئۆپۆزیسیۆنی یاسایی لەدەرەوەو نێو پارلەماندا هەیە، هێزێک کە بوونی، پێوانەیی بۆ ئازادی‌و بەنەرمی رەفتارکردنی سیستەمی سیاسی. تەنیا لەپانتایی پڕ لەئاڵۆزیی پێکەوە ژیان‌و کێبەرکێی نێوان حکوومەت‌و ئۆپۆزیسیۆنە کە سیاسەتی دیمۆکراتیک گەشە دەکا. ئۆپۆزیسیۆن نە تەنیا پێویستی بە بوێری‌و هێزی بیرکردنەوەیە، بەڵکوو پێویستی بەفەزایەکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆیە کە کێبەرکێی سیاسی رەت نەکاتەوە. فەزایەک کە حکوومەت تەنیا بەهۆی گەندە سەروەرییەکەوە نەبێتە خاوەنی پێگەیەکی تایبەتی‌و هەرجۆرە رەخنەیەک بەدوژمنانەو رووخێنەر لەقەڵەم نەدا.

دیموکراسی بەردەوام پێویستی بەهەوای پاکە. ئەم هەوا پاکە شتێک نیە بێجگە لەئاوەڵا هێشتنەوەی فەزای کۆمەڵایەتی‌و پێشکەشکردنی دوورە دیمەنێکی روون بۆ چاکسازی‌و گۆڕانکارییەکان. گەرەنتیی تێکۆشانی ئازادو یاسایی ئۆپۆزیسیۆن لەسیستەمی سیاسیدا بەمانای فەزایەکی ئەوتۆی کراوەو دوورە دیمەنێکی روونە.

*سەرچاوە: بەشی فارسی رادیۆ ئەڵمان.*

# بە ئەسپایی هەنگاو هەڵبێنە

خالید محەممەد زادە



"بەئەسپایی هەنگاو هەڵبێنە!" ناوی فیلمێکی دوکتۆر قوتبەدین سادقییە، کە تێیدا باس لەمەترسی مین لەکوردستان بۆ سەر ژیانی خەڵکەکە دەکاو ئەم تایتلەیش دەتوانێ وەئاگاهێنانەوەیەکی باش بێ بۆ رۆژنامەنووسانی کورد لەکوردستان لەمەڕ ئەو واقیعە کارییەی کە تێیدا دەژین. قسەیەکی زیادەم نەکردووە ئەگەر بڵێم لەکوردستاندا پڕ مەترسیترین کار کاری رۆژنامەوانییە. رۆژنامەنووسی لای ئێمە لەپاڵ ئەوەدا هەڵگری رەسالەتێکی زۆر گەورەیە، لەگەڵ خۆیشی دەیان کێشەو کۆسپ‌و تەگەرە دەخولقێنێ، کە ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە.

بێگومان رۆژنامەنووسی کورد دەبێ لەکۆمەڵگەیەکدا کاربکا کە کەمترین مەجالی تەعبیر لەخۆکردنی پێدراوە، بۆیە لەم جۆرە کۆمەڵگەیە کە رۆژنامەنووس قسەی بۆ وتن‌و نووسین پێیە، پێش هەموو کەسێک دەبێ باجی ئەم قسەکردنەش بدا. لەخۆڕا نییە کە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا سەرەڕای ئەوەی کە لێوانلێوە لەجیاوازی، بەڵام ئێمە کەمترین دەرکەوتن‌و خۆنمایشکردنی ئەم جیاوازییانە

دەبینین. کەواتە هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن، بەداخەوە پێش هەموو کەسێک دەبێ باجی ئەم قسەکردنە بدەن‌و هیچ قسەیشی تێدا نییە کە رۆژنامەنووسان‌و گۆڕانخوازان لەپێش هەموانەوە دەبێ ئەم باجە بدەن!.

دیارە نەک لەکۆمەڵگەی کوردستاندا، بەڵکو لەتەواوی ناوچەی نادیموکراتیکی ئێمەدا نووسین باجی خۆی هەیەو رۆژانەیش شاهیدی راوەدوونان‌و زیندانیکردن‌و تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسانی جیددی‌و سەربەخۆ دەبین، بەڵام لێرەدا رۆژنامەنووسانی ئازادو سەربەخۆ زۆرترین کێشەیان بۆ پێکدێ کە هیچ قسەی تێدانییە جێگەی راوەستەکردنە.

رۆژنامەنووسیی ئازاد لای ئێمە رۆژانە لەگەڵ سەدان کێشە بەرەوڕوویە. دیارە نەبوونی کەلتوری دیموکراسی‌و غایببوونی یاساکانی هاوچەرخی رۆژنامەنووسی‌و بوونی یاسای نەنووسراو و میزاجی شەخسی‌و یاسای نادیموکراتیک‌و بەتەعبیرێکی دیکە بوونی دەیان گرێ‌و عەقڵییەتی غەیرە هەڵبژاردەیی خۆسەپێن ئەوەندەی دیکە کێشەی نووسین‌و وتنی، کێشە خولقێن کردووە.

ئەم هێرشبردنە سەر رۆژنامەنووسان لەحاڵێکدایە کە کۆمەڵگەی ئێمە هەر ئێستا زیاد لەحەد پێویستی بەو کەناڵانەیە کە

بتوانن سەربەخۆیانە تەعبیر لەڕاستییەکانی کۆمەڵگە بکەن. میدیای چەواشەکەرو شاباشگێر لەم راستایەدا دەوری تێکدەرانەی هەبووە. کوردەکانی ئێران هەتاکو ئێستایش نەیانتوانیوە تەعبیر لەخۆیان بکەن. ئەوەی کە فاشیزمی مەزهەبی لەهەوڵی یەکدەستکردنی کۆمەڵگەو یەک لەوان سڕکردنی رۆژنامەنووساندایە هیچ قسەی تێدانییە، بەڵام داخاوی تر لەهەموو ئەوانە، ئەو گوتارو عەقڵییەتانەن کە لەژێر ناوی کوردبوون بەتەفسیرگەلی نابابەتی‌و دوگمایی لەپرسی کورد، لەواقیعدا دەبن بەکۆسپی سەر رێگەی ئازادی کاری رۆژنامەوانی لەکوردستانداو لەهەمووی گرنگتر شێواندنی گوتاری دیموکراسیخوازیی پرسی کورد. لەبیرمان نەچێ روویەکی دیکەی پرسی کورد دیموکراسیخوازی ئەم پرسەیە.

لەلایەکی دیکەشەوە سەرەتاییترین ئەلفوبێی دیموکراسی باوەڕبوونی دیموکراسییە بەئازادییە فەردییەکان‌و ئازادی رادەربڕین‌و میدیای ئازاد کە لەساختاری دیموکراتیکدا وەک باڵی چوارەمی دیموکراسی ناوزەد دەکرێ. بۆیە پێش هەموو شتێک، ئەو شێوە ئاخاوتنە کە وەک گوتاری نەتەوەیی کوردی خۆ نمایش دەکاو لەهەر نمایشکردنێکیشدا هێرشی بەردەوام دەکاتە سەر جیابیران‌و رۆژنامەنووسان‌و رۆشنبیران، پێویستی بەدیموکراتیزەکردنی ئاراستەی

کاری خۆی هەیە، ئەمە ناتوانێ لەداهاتووی کوردستاندا وەڵامدەر بێ.

ئێمە دەبێ ئەم راستییە بزانین کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەی یەکدەستی سەدەی بیست نییە. رێنێسانسێکی هەمەچەشن زۆر بواری کۆمەڵگەی لەماوەی ساڵانی رابردوودا گرتۆتەوە. ئەمڕۆ نەسڵێک هاتۆتە ئاراوە کە زیاد لەحەد قسەیان بۆ وتن پێیەو بوونی رۆژنامەنووسانی سەربەخۆو ئازاد لەکوردستانیشدا یەکێک لەو دیاردانەیە کە دەبێ پێشوازی لێ بکرێ. هەر ئێستاش لەنەبوونی دەسەڵاتی کوردی‌و بەتایبەت لەیەک، دوو دەیەی رابردوودا بەبڵاوکردنەوەی ئەو هەموو بڵاوکراوەیە ئەم راستییە دەرکەوت کە هیچ هێزێک ناتوانێ تا هەتایە ئەم جیاوازیانە بشارێتەوەو رۆژنامەنووسانیش لەم راستایەدا هەڵگری زۆر رەسالەتی گەورە بوون لەخستنەڕووی ئەم جیاوازییانە.

لەبیرمان نەچێ دیموکراسیش بەرهەمی ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە دەتوانن جیاوازی بەرهەم بێنن‌و بەبێ پاراستنی ئەم جیاوازیانەش باسکردن لەدیموکراسی تەنیا وەهمێکە، بەڵام ئەم واقیعەی کە رۆژنامەنووسیی کوردی تێدایە هیچ قسەی تێدانییە ناتوانێ واقیعێکی دڵخواز بێ‌و کاری رۆژنامەنووسی لەم وڵاتە وەک هەنگاونان لەمەیدانێکی پڕ لەمین دەچێ کە گۆڕانی ریشەیی داوا دەکا.